# بەرکولێك بۆقسەکانی ( سیروان ئەمین)....

نوسینی: تەهاسلێمان
tahasleman17@yahoo.com

(سیروان ئەمین)باش دەناسم و خۆپیشاندانەکەی ڕۆژی 9/7 ی کەلاریش وەك وێنەی ڕاستەقینەی خۆیی و( حزبی شیوعی کوردستان )یش لە (سیروان ئەمین) باشترو بابەتیانە تردەناسم. ئەم نوسینەش ولآمی دێر بە دێرو ڕستە بەڕستەی نوسینەکەی سیروان نیە بەناو نیشانی(ئیمزانامەی چوار حیزبی مەعاش خۆر) لەماڵپەڕی (دەنگەکان).بەڵکو وەستانە لەسەرناوەڕۆکی گشتی نوسینەکەو ئەوغەڵەتو پەڵەتانەی کەبەزمانێکی تابلێی هەرزەو دور لەهەربابەتی بون و لۆژیکێکدەینوسێ، (سیروان) وەك هەریەکێك لەبرادەرە کانی‌تری(کۆمۆنیستی کرێکاری) بێئەوەی سەروبنی روداوپێشهات بزانێ و لێی تێبگا، ڕستەو دەستەواژەگەلێك ڕیزدەکاو بلأوی دەکاتەوە. ئەم برادەرە هەرکەبیاننامەیەکی بینیوە کەناوی (حزبی شیوعی و یەکێتی)لەسەرەو لەسەر خۆپیشاندانەکی (کەلار)ە، خۆی تەنگە تاوکردوەو ئەمەشی بەبوارێکی باش زانیوە بۆئەوەی هێرش بکاتە سەر حزبی شیوعی و تومەتی ناڕاست بداتە پاڵی .

ئاخرکاکە(سیروان) تۆلەناونیشانەوە(ئیمزانامەی چوار حیزبی مەعاش خۆر) کەیەك لەوانە (حزبی شیوعی)یە دەست پێدەکەیت، منیش پێت دەڵێم ئێمە حزبی مەعاش خۆرنین، بەڵکو تۆو خەڵکی تریش حزبی شیوعی باش دەناسن ئەگەر چاوتان بەرایی بدات باسی بکەن، کەئەگەرمەعاشیش وەربگرێ نەمنەتی یەکێتی و نەهی کەسی ترە، بەڵکو هی سەرمایەیی تێکۆشانی درێژخایەن و قوربانی دان و کۆڵ نەدانێتی لەداکۆکی کردن لەکۆمەلآنی زەحمەتکێشی خەڵکی کوردستان. ئەوەش کەوەری دەگرێ و گرتوە بۆ شەهیدو پێشمەرگەی دێرین و ئێستا وکادیرەکانی کەمترین مافە و لەبابەتانەیە کەحزبی شیوعی سەرقاڵ نەکردوە، بەڵکوئەوەی کەحزبی‌شیوعی سەرقاڵ کردوەو لەپێناویدا تێدەکۆشێ مافی ڕەوای گەلەکەیی و چین و تویژەجیاجیاکانێتی. دواتر ئەوەی کەپەیوەندی بەخۆپیشاندانەکەی ڕۆژی9/7 ی کەلارەوە هەیە، بەڕیزت بێئەوەی هیچ بزانی لەودورەوە قسە فڕێ دەدەی و دەڵێی دژی خۆپیشاندەران بەیاننامە ئیمزاکراوە؟ ئێباشە ناکرێ مرۆڤ تۆزێ وردبین بێت و توشی زیادڕۆیی نەبێت؟ ئەری لەخۆت ناپرسی تۆیەك کەئاگات لەسەرو بنی خۆپیشاندان نەبێت چۆن ماف بەخۆت دەدەی ئەو ناڕاستیە بێژی؟ ئەی نابێت لەخۆت بپرسی کەئەوقسانە دەکەی

بۆکێیه و لەخزمەتی کێدایه؟ ئاخر برادەر چۆن دەزانی حزبی شیوعی دژی خۆپیشاندران بوە؟ لەکاتێکا کۆمیتەی مەحەلی گەرمیانی حزبی شیوعی کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاوو کارایی لەخۆپیشاندانەکەو پشتگیری خۆپیشاندەران بینیوەو لەکۆبونەوەی ناوبراویش کەتۆ بێئەوەی ئاگات لێبێت حزبی شیوعی ڕچە شکێنی ئیدانه کردنی هیرش و پەلامارو تەقەکردن بوو بۆسەرخۆپیشاندەران، پێش بەڕێزت و حزبە بەیان نامەچییەکەت. ئاخر حزبەکەی تۆوهاوڕێکانت کەلەئەوروپاوە تەنها قسەدەکەن ، لەخۆتان ناپرسن:عەیبەیەکی زۆر گەورەیە مرۆڤ هێند بێئاگایانە قسەبکا؟ ئەگەریش کێشەت ئەوەیە حزبی شیوعی وەك بەڕیزت و حزبەکەت قسەناکا، ئەوا دڵنیابە ئێمە پێش تۆوحزبەکەشت ئەوڕاستیە دەزانین و ئەوکاتەش خۆمان بەحزب دەزانین کەگوتارو قسەمان وەك ئێوە نەبێت . پاشان تۆ وەك بێئاگابویەك ئیدعای ئەوە دەکەی کە(حزبی شیوعی) بەیاننامەی دژی خەڵك و خۆپیشاندەران ئیمزا کردوە، شەرم ناکەی ئەم درۆ شاخدارە بەدەمی حزبی شیوعیەوە هەڵدەبەستی ، لەکاتێکا حزبی شیوعی ئەمە هەڵۆیستی بوە:

1 -پشتگیری لە خۆپیشاندەران 2-ئیدانە کردنی هیرش و تەقەکردن لەخۆپیشاندەران3-جیاکردنەوەی خەڵکی تێکدەر لەخۆپیشاندەران4-وەستان بەدژی هێرش بۆسەر پەروەردەو شوێنە خزمەتگوزارییەکان.) سادەترین کەس ئەمەی بخە پێش چاو بڕواناکەم هیچ دوودڵییەکی لادروست بێت لەبەرامبەر ئەوەی ئایا حزبی شیوعی دژی خۆپیشاندەران بوە یان ڕاستەوخۆ، وەك ئەرکی پلە یەکی خۆی پشتگیریی لێکردون و تەنانەت دژی دەسلاٌتیش وەستاوەتەوە لەهێرشی بۆ سەرخۆپیشاندەران و مامەڵەی خراپی لەگەڵیان. ئەگەر بەڕیزتیش وەك هەریەکێکی تر لەهاوڕێکانت پاڵپشتی کەسانێکی ئاژاوە چی نەك خۆپیشاندەران دەکەی، کە چونە سەرپەروەردە و هەندێ شوێنی تر، ئەوا ئێمە دژی ئەوەین و ڕاشمان گەیاندوە و شەرممان لەکەس نەکردوە.

دوایی (سیروان) زۆر هەڵەشانە باسی ئەوە دەکا گوایە ئەگەر پارە و مەعاش نەبێت بارەگاکانی چۆڵ دەبن ودەچینەوە ماڵەکانمان، کە س نەزانێ (ئەو) باش دەزانێ شیوعیەکان هێند سەرسەختن لە تێکۆشان وداکۆکی کردن لەخەڵك و مافەڕەواکانیان، مەعاش وپارەو پاداشت تەنانەت ئەگەر مافی خۆشیان بوبێت و لێیان بڕابێتەوە نەبوەتە هۆکاری ساردبونەوەیان لەتێکۆشان وداکۆکی کردن لەچین وتوێژە جیاجیاکانی کۆمەڵ. بالاٌی سیروان و سیروانەکانیش زۆر لەوە قەزەمترە ڕۆژێك لەڕۆژان بەئارەزووی خۆی یاری بەم ڕاستیە حاشا هەڵنەگرە بکاو

بۆمەرامی دووژمنکارانەی خۆی بەرامبەر حزب و جەماوەرەکەی بەکاری بێنێ و تەنها سیروان وبازنە تەسکەکەی کۆمۆنیزمی بەناو کرێکاری نەبێت کەس جەژن بەوقسانەیان ناکا، کاکە سیروان کەلەکاتی تەنگانەدا حزبی شیوعی باوانێتی و پەنای بۆدەباو لەوکاتەش کەتۆزێ بواری بۆبرەخسێ سەروگوێلاکی دەشێلێ ، دەبوو لەکاتی ئەم نوسینەدا زەرەیەك ویژدانی بەکارهێناباو بگەرایەتەوە بۆ رابردوو کەخودی خۆی دەیان وسەدان جار شاهیدی لەسەر داوەو روو بەروو سەلماندویەتی.

لەجیگایەکی تر داوا دەکاکە ئەوانەی لەریزی حزبدان بەجێی بێلن، بەلاّم وادیارە شەرمی کردوە بلێ وەرنە ناو حزبەکەی منەوە . من پێی دەلێم کاکە گیان ئەندامان و جەماوەری حزب هێند وشیارن گوێ لەقسەی لەو جۆرە ناگرن ، خۆتیش ئەم راستیە دەزانی چونکە بەدریژایی چەندسالێك هەولتدا نەتوانی یەك دۆستی راستە ڤینەی حزبی شیوعی نەك ئەندامێك لەحزب هەلبگەرێنێتەوە. پاشان بابێمنەت بێت و ئەوروپا بەجێبێلێ و تەشریف بفەرمێ بزان ولاّمی جەماوەری حزب بۆ ئەو هەموو قسە نابابەتی و بێسەرو بەرانەی چییە؟ جاکاکە سیروان شەرم وعەیبی پێناوێ، تۆ لەجارێ زیاتر ئەم گالتە جارییەت بۆ خۆت و حزبەکەت دووبارەو دەبارە کردوەتەوە و دۆش داماون بۆ نەتانتوانی و ناتوانن هیچ بچننەوە؟ بیرتان چوە ئێوە خەلك گەلێکن لەدەرەوەی واقیعی کۆمەلگا دەگوزەرێن و پێوەندیتان بەبچوکترین توخم و رەگەزەکانی ژیانەوە لەم کۆمەلگایە نیە؟ بیرت چو کاکە سیروان لەبەر شێوازی نابابەتیانەی هەلس و کەوتتان لەناو شاری کەلار جەماوەر بارەگاکەتانیان بەرد باران کردو بەرۆژی نیوەرۆ داوای دەرچونتانیان لەشارکرد؟ ئاخرلێرەو لەکوردستان شیوعییەکان بێترس و سلمینەوە رووبەرووقسەدەکەن، کەچی جەنابت لێرە بوبایت خۆت دەشاردەوە وەك هاوەلەکانی ترت؟

لەکۆتایدا دەلێم قسە زۆرە بەلاّم ئەکرێ بۆکاتێکی تر بەجێی بێلین.

---

تێبینی: ئەم نوسینە پەیوەندی بەهەلۆیستی حزبەکانی ترەوە نیە.